

### بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجە:

# لەسنوری هەڵەبجە شتێک نابینم بەناوی باڵی ڕیفۆرم یان لیستی گۆڕان

**چاوپێکەوتنی: هاوکار مەحموود**

**حەمەی حەمەسەعید بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی ی ن ک لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری بەڵگە ئاماژە بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و بارودۆخی ناوخۆی حیزبەکەی دەکات، ناوبراو لەبارەی لیستی گۆڕان کەلەلایەن کاک نەوشیروان مستەفاوە رابەرایەتی دەکرێت بڕوای خۆی پیشاندا کەئامانجەکانی لیستی گۆڕان ئەوەندەی بۆ لاوازکردن و پەرتکردنی یەکێتییە نیو هێندە ئامانجی چاکسازی و ڕیفۆرمی لەپشتەوە نییە، وتیشی: یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەپرۆگرامی ئێستای حیزبەکەیدا گرنگی جدی بەلایەنی خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان و بەدامەزراوەییکردنی داودەزگا حیزبی و حکومییەکانی هەرێم دەدات، ئاشکرایشی کرد کە ڕیفۆرم پێش ئەوەی وەك چەمکێکی سیاسی تەماشابکرێت پێویستە وەك پرۆژەیەکی ئەخلاقی و ویژدانی لەناخی سەرجەم هاوڵاتیاندا بنیاتبنرێت.**

*لەدوا کۆبونەوەی مەڵبەندی هەڵەبجەدا داواتان لەکادرانی سنورەکەتان کردووە کەهەڵوێستی خۆیان یەکلایی بکەنەوە؟ لەسنوری ئێوەدا کێن ئەوانەی سەربەباڵی ڕیفۆرمن؟

حەمەی حەمەسەعید: بەڵێ ئێمە بەسەرجەم کادرەکانی خۆمان وتووە کێ لەگەڵ یەکێتی دەمێنێتەوە دەرگای خزمەتکردن بۆیان کراوەیەو ئەوانەشی کەلەگەڵ یەکێتی کارناکەن ئازادن بۆ هەرحیزب و لیستێکی دیکە بچن، کۆبونەوەکەشمان بۆ ئەوە بوو کە هەموو هەڤاڵان ئازادبکەین لەوەی کە ئایا لەناو یەکێتی دەمێننەوە یاخود دەچنەدەرەوەی یەکێتی، لەکۆبونەوەکەدا سەرجەم کەرت و کۆمیتەکان و کادرە دڵسۆز و پێشکەوتوەکانی سنورەکەمان بڕیاریانداوە پابەندبن بەپاراستنی ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، ئێستا لەسنورەکەی ئێمەدا هیچ کادرێکمان نییە لایەنگری ئەو گروپە بێت کەناوی خۆیان ناوە ریفۆرم یاخود گۆڕان.

* لەهەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا باڵی ریفۆرم نەیتوانی هیچ دەنگێك بەدەستبهێنێت، ئایا ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە پێوەرن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان؟

حەمەی حەمەسەعید: لەسنوری هەڵەبجە شتێك نابینم بەناوی باڵی ڕیفۆرم یان لیستی گۆڕان، ئەو کەسانەیشی کە بانگەشە بۆ لیستەکەی کاك نەوشیروان دەکەن گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە ئامانجەکانی ئەو لیستە بۆ لاوازکردنی یەکێتییە نەك بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم هەربۆیە ڕۆژانە چەندین کەسیان پەیوەندی بەمەڵبەندەوە دەکەن و ئامادەنین دەنگ بەلیستێك بدەن کەهەموو ئامانجێکیان تێکدانی یەکێتی بێت. لەهەڵبژاردنی مەڵبەندەکان هەرچەندە هەردوو لامان لەچوارچێوەی حیزبێکیشدا بووین لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت یەك کەسی سەر بەو گروپە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئێستا ململانێکە لەدەرەوەی یەکێتییەو بۆ پەرلەمانی کوردستانە، بۆیە لەو بڕوایەدانیم هیچ لایەنگرێکی یەکێتی لەسنوری ئێمەدا دەنگ بەو لیستە بدات، چونکە هەموو کادرو دڵسۆزانی یەکێتی هەوڵی پاراستنی یەکێتی دەدەن نەك هەوڵدان بۆ لاوازکردن یاخود تێکدانی یەکێتی.

* هەندێك دەڵێن لەهەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی دەنگەکان تەرخانکرا، ئایا لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا دەتوانن لەڕێگەی پارەوە دەنگی زۆرینەی هاووڵاتیان بەدەستبهێنن؟

حەمەی حەمەسەعید: لەهەڵبژاردنی مەڵبەندی سنوری ئێمەدا یەك دینار-یان هیچ ئیمتیازێك بەهیچ کەسێك نەدراوە بۆ ئەوەی دەنگمان پێبدات ئەوانەی وا دەڵێن، ئەگەر بەڵگەیان لەبەردەستە دەتوانن بیخەنەڕوو ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە کادرەکانی یەکێتی لەهەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا بڕیاری ژیرانەو جوامێرانەیاندا، لەسنوری ئێمەدا هیچ کەسێك سەر بەگروپی ریفۆرم نەیتوانی لەهیچ ئاستێکی رێکخستندا ئەنجام بەدەستبهێنێت، بەپێچەوانەوە ئەو برادەرانەی کەناوی خۆیان نابوو ریفۆرم دەیان هەزار دۆلاریان بۆ کڕینی دەنگەکان بەفیڕۆدا، لەئەنجامیشدا نەك نەیانتوانی هیچ دەنگێك بەدەستبهێنن، بەڵکو ئەوان لەنیوەی رێگەکەدا پاشەکشەیان کردو نەیانتوانی کێبڕکێی ئێمە بکەن، لەگەڵ ئەمانەش دابەشکردنی پارەو ئیمتیازات لەلایەن گروپی ریفۆرمەوە بووە هۆی تێکدانی ریزەکانی ئەو گروپەو ناکۆکی قوڵ لەنێوان ئەندامەکانیاندا دروستبوو، لەم هەڵبژاردنەشدا کەبڕیارە ٧/٢٥ ئەنجامبدرێت ئێمە بەهەمان نەفەسی پێشوو کاردەکەین و دڵنیاتان دەکەمەوە کەتەواوی جەماوەرەکەی یەکێتی لەگەڵ یەکێتی دەمێننەوە.

*کەواتە بەو قسەیەی جەنابتان لیستی کۆمپانیای وشە لەسنورەکەی ئێوەدا هیچ قورساییەکی جەماوەریی نییە؟

حەمەی حەمەسەعید: لەسنوری هەڵەبجەدا ٩٠٪ی خەڵکەکەی سەر بەیەکێتی و پارتی و حیزبی شیوعی و گروپە ئیسلامییەکانن، ئەمانەش هەموویان دەنگ بەلیست و پاڵێوراوانی خۆیان دەدەن، ئەوانەشی کە خۆیان بەبێلایەن دەزانن ئامادەنین دەنگ بەلیستی وشە بدەن،